# جەنگی روسیا و ئۆکرانیا جەنگێکی سەرمایەداری

9 رۆژە هەموو جیهان بەنیگارانیەوە دەڕوانێتە جەنگی نێوان ئەو دوو وولاتە!!

لە مێژووی مرۆڤایەتیی دا دوو جۆر جەنگ بەدیدەکرێت:

1. جەنگێکی رزگاریخوازی، کە ئەم جۆرە جەنگە هەردەم گەلانی ژێردەست بە مەجبووری بەرپایی دەکەن بۆ رزگاربوون لە چەوساندنەوە وداگیرکاری. ئەم جۆرە جەنگە هەردەم جەنگێکی ڕەواو و شۆرشگێرانە و پیشکەوتنخوازە. نموونەی ئەم جەنگانە، جەنگی جین، فیتنام، کەمبودیا، لاوس، دژ بەداگیرکەرانی یابانی، ئینگلیز و وویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا
2. جەنگی دووهەم جەنگی داگیرکەران و داگیرکاریە، جەنگێکە بەمەبەستی بەکۆیلەگرتن و چەوساندنەوەی گەلان، کە ئەمەش جەنگێکی کۆنەپەرستانەیە. نموونەی ئەم جەنگە، ئەو جەنگانەیە کە وولاتە زلهیزەکانی جیهانە وەك جەنگەکانی بەرتانیا، ئەمریکا، ئیسپانیا، پورتەگال، ئەڵمانیا، روسیا، یابان، هولاندا، بەلجیکا و دەوڵەتی عوسمانی لە ئەفریقیا و ئاسیا وئەمریکای لاتینی و ئەوروپا دا لە سەدەکانی 16 و 17 دا تاکو کۆتایی سەدەی رابردوو درێژەیان پیداوە.

لە سەرەتایی سەدەیی رابردوودا دوو جۆری تر لە جەنگ بەدی دەکرێت:

3. جەنگی سەرلەنۆی دابەشکردنی جیهان بەسەر دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهاندا. جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەم نموونەی زیندووی ئەم جۆرە جەنگەن.
4. جۆری جوارهەم جەنگ، جەنگە بە وەکالەت. ئەم جۆرەجەنگە زیاتر شێوازی جەنکی ناخۆ لەخۆدەگرێت، گەرچی جار جار جەنگی نێوان دەوڵەتانیش لە خۆ دەگرێت. ژمارەی ئەم جەنگانە تاکو دێت روو لەزیادبوون دەکات لە جیهاندا، چونکە وولاتەزلهێزەکانی بەبێ بەشداری

سوپایی خۆیان و بەبێ قوربانیدان بە سەربازەکانیان، ئەلقەلگۆیکان و کرێگرتەکانیان خۆیان هاندەدن، چەکداریان دەکەن، چاوپۆشی لە تاوانەکانیان دەکەن، بۆ بەرپاکردنی ئەم جۆرە جەنگانە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی خۆیان و زامنکردنی بەرژوەندییکانی خۆیان. ئەم جۆرە جەنگانە لە ناو وولاتانی ئەفریقیا زۆر بەدی دەکرێت، وەك جەنگەکانی رواندا لە نیّوان هوتو و تووسیەکان، هەروەها جەنگی لەبەریەك هەلوەشاندنەوەی یۆگوسلاڤیا بۆ هەریەك لە دەوڵەتەکانی سلوڤێنیا، کرواتسیا، بۆسنیا، مۆنتینیگرۆ، سربیا و کۆزۆڤۆ ی لێکەوتەووە، هەروەها جەنگی  نیّوان ئۆکرانیا و هەردوو هەرێمی دونیەتسك و لۆگانسك لە ساڵی 2011 دا دەچێتە چوارچێوەی ئەم جۆرە جەنگەوە، کە بەڕەواڵەت جەنگێکی رزگارخوازیە گەلێك یان کەمینەیەکی نەتەوەیی، بەڵام لەراستییدا جەنگی ناراستەوخۆیی وولاتەزلهێزەکانی بۆ سەرلەنۆی دابەشکردنی جیهان لە نیوان خۆیاندا، بەڵام بەوەکالەت بەو نەتەوە و کەمینانەی دەکەن. بەواتایەکی تر ئەم جۆرە جەنگانە تەنها بە ڕەواڵەت شیوازێکی جیاوازە لە جەنگ، دەنا بۆخۆی جۆریکە لە شێوازی سێهەم. تەنانەت جەنگی عیراق-ئیران دەجێتە خانەی ئەم جۆرە جەنگەوە، کە لەسەرتادا جەنگی ئەمریکا بوو لەگەل ئیران و دواتر جەنگی وولاتانی کەنداو بوو کە بە عیراق دەکرا.

دوای ئەم پێشەکیە دەکرێت بە ئاسانتر خسڵەت و ئارمانجەکانی ئەم جەنگەی نێوان روسیا و ئۆکرانیا دەستنیشان بکەین.
دارمانی بلۆکی رۆژهەلات و دواتر هەروەها یەکێتی سوڤییەت گۆڕانی تەرازووی هێزی لە جیهاندا بەشێوەیەکی بنەڕەتی لێکەوتەووە. یەکێتی سوڤییەت کە تاکو ئەوکاتە بە دووهەم بەهێزترین دەوڵەت لە جیهاندا هەژماردەکرا، بە جۆرێك بێ هیز بوو، کە لەسەر ئاستی جیهانییدا و بەتایبەتی لە لایەن وولاتە زلهێزەکانی تەرەوە، هیچ حیسابیان بۆ نەدەکرد. هەموو ئەو ناوچانە کە تاکو ئەو کاتە بە ناوچەیی هەژموونی ئەو دادەنران لە نێوان وولاتە

**زلهێزەکانی تردا دابەشکرا. بەمەش هەریەك لە لیتوانیا، لیتلاند، ئێستونیا، پولاندا، جیکوسلوفاکیا (دواتر بوون بە دوو دەوڵەت جیك و سلوڤاکیا)، بولگاریا، هەنگاریا، رۆمانیا، یوگوسلافیا (کە دواتر بوون بەو دەوڵەتانەی کە لەسەروە باسمان کرد) و ئەڵمانیایی رۆژهەلات، لەژێر هەژموونی یەکێتی سۆڤییەت و دواتر روسیا دەرهات و کەوتە ژێر دەستی وولاتە زلهێزەکانی تر. ئەمریکا و دەوڵەتە زلهێزەکانی ناو هاوپەیمانی ناتۆ بەمەشەوە نەوەستان، کاریان لەسەر دەرهێنانی جورجیا، کازاغستان، ئۆزبێکستان و ئۆکرانیاش دەکرد و دەکەن.**
**وولاتانی ناتۆ گەرچی لەگەل یەکێتی سوڤییت لەسەر ئەوە رێککەوتن کە لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیایی روژئاوا و ئەڵمانیایی رۆژهەڵات چیی تر لە سنورەکانی یەکیتی سوڤیەتی جاران نزیك نەبنەوە، بەڵام دواجار پابەند نەبوون بەم رێککەوتنامەیە و ئامادەش نین بە گۆڕانکاری نۆی رازی بن و یان دەستبەرداربن لەو ناوچانەی کە کەوتووەتە ژێر هەژموونیان.**
**هاوپەیمانی ناتۆ لە ساتی دامەزراندنیدا لە** 12 **وولات پێکهاتبوو و تاکو دارمانی بلوکی رۆژهەلات ژمارەیان بۆ** 16 **وولات بەرزبووە وە. بەڵام دوای ئەم دارمانە دەبینین، کە ئەم ژمارەیە بە پەلە تەشەنەی کرد بۆ** 30 **وولات کە ئەم** 14 **وولاتە هەر هەموویان وولاتانی ژێر هەژموونی یەکێتی سوڤییەت بوون هەر وەك لەم خشتەیەدا بەدەر دەکەوێت:**

| **ناوی وولاتانی ئەندام لە هاوپەیمانی ناتۆ دا** | **ساڵی بە ئەندامبوون** |
|---|---|
| **بەلجیکا، دانیمارك، فەرنسا، بەریتانیا، ئایسلاند، ئیتاڵیا، کەندا، لوکسمبورگ، هەلاندا، نەرویج، بورتوگال، وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا** | 1949 |
| **یونان و تورکیا** | 1952 |
| **کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا** | 1955 |
| **ئیسپانیا** | 1982 |
| **پوڵونیا، چیك، هەنگاریا** | 1999 |
| **بۆلگاریا، ئیستلاند، لیتلاند، لیتوانیا، رۆمانیا، سلوفاکیا، سلوڤێنیا** | 2004 |
| **ئەلبانیا، کرواتیا** | 2009 |

| | |
|---|---|
| **مونتینیگرۆ** | 2017 |
| **ماتسودونیای باکوور** | 2020 |

**بەمەش ناتۆ تاکو دێت زیاتر لە سنوورەکانی یەکێتی سوڤییەت جاران و روسیا لە ئیستا دا نزیك دەبنەوە. روسیا کە دوای دارِمەنی یەکێتی سوڤیەت توانایی ئەوەی نەبوو رێگری لەم پێشێلکاریانە بگرێت. بەڵام روسیایی ئەمرو روسیایی ساڵی** 1989 **نییە. روسیا توانی لەم ماوەیەدا، گەشە بە خۆی بدات و بەتایبەتی توانی پەرەبدات بە هیزە سەربازیەکانی، و بەمەش هاتەوە سەر شانۆی سیاسەتی جیهانی و کەوتە دەستوەردان لە سیاسەتی دەوڵەتان هەر وەك لە سوریا، مالی، لیبیا دەیبینین. روسیا بەجۆرێك بەهیزبووە کە داوای ئەو ناوچانە دەکاتەوە کە لە ژێر هەژموونی یەکێتی سوڤییەت بوون و دەیەوێت سەرلەنۆی بیانخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە یان بەلایەنی کەمەوە رێگری بکات لەوەی وولاتانی تری هاوسنوور لەگەل روسیا، بچنە ژێر رکێفی ناتۆ وە. بە هێرش کردنی بۆ سەر ئۆکرانیا مەبەستێتی ئەوە نیشان بدات، کە چیتر بە پشتگۆی خستنی رازی نابێت و گەر ناتۆ درێژە بەو سیاسەتە بدات، ئەوا لە پەنابردن بۆ کاری سەربازیش سڵ ناکاتەوە. بەواتایەکی تر روسیا جەنگێکی داگیرکاری بەرپاکردووە.**

**چاوخشاندنەوەیەك بە شێوازی ئەو جەنگە لەلایەن ئۆکرانیاوە وەك لایەنەکەی تری ئەم جەنگە و گەرچی بە رەولەت وەك جەنگێکی ئازادیخوازانەیە دژ بە داگیرکاری روسیا دەردەکەوێت بەڵام لە راستییدا ئۆکرانیا ئەم جەنگە بە وەکالەت دەکات. جەنگێکە کە لەبری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆ دەیکات. ئەم جەنگە بە قوربانی و خوێنی ژن و پیاو و مندال و گەنج و پیری ئۆگرانیەکان، بە قوربانیدان بە ژێرخانی وڵاتەکەی ، بە ئاواربوونی سەدان هەزار و تەنانەت ملیونان هاوولاتی خۆی دەیکات و بە چەك و پارەی ناتۆ، بەمەبستی لاوازکردنی روسیا و گەورەکردنی ناوچانەکانی ژێر هەژموونی وولاتانی ناتۆ دا.**

**هاژوهوژی میدیاکانی ئەو وولاتانە و هەڵمەتە هیستیریاکەیان دژ بە روسیا و بەشەیتان کردنی ئەو وولاتە (یەکەمجار لە مێژوودا رونالد رێگن هەڵمەتێکی**

لەم جۆری دەستپێ کرد بۆ بە شەیتان کردنی هەندێك وولات لە جیهاندا، لەوانە یەکێتی سوڤیەت، کوریای باکوور و ئیران.. هتد، هینایە ئاراوە) و هەڵمەتی جوانکاری بۆ رژێمەکەی ئۆکرانیا هیچ لەو راستییەی سەرەوە ناگۆڕێت هەروەها هیچ شتێکەش لەوەش ناگۆرێت کە:
ئەمریکا و وولاتانی ناتۆ مەبەستیانە درێژە بەم جەنگە بدەن لەسەر حیسابی گەلانی ئۆکرانیا و روسیا، و لاوازکردنی روسیا، هەر وەك پێشتر باسمان کرد.
پڕ چەك کردنی زیلینتسکی، نە لەبەر خاتری گەلی ئۆکرانیایە، نە دەگەڕێتەوە بۆ رێزگرتنی لە سەروەری وولاتی ئۆکرانیا لەلایەن وولاتانی ناتۆ وە نە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و بەرگریکردن لە دیموکراسیەت.
من گەرچی شارەزای بواری جەنگی نیمن بەڵام پیموایە ئەو جۆرە چەکانەی وولاتانی ناتۆ دەیدەن بە ئۆکرانیان لەو جۆرەن کە جەنگە درێژدەکەنەوە.
ئەمەش راستی ئەو قسەیە دەردەخات کە بەر لە بەرپابوونی جەنگە لە ئۆکرانیا دەوترا، کە "وولاتانی ناتۆ تا دوای سەربازی ئۆکرانی دەستبەرداری یارمەتیەکانیان نابن بۆیان."
دەستپێشخەری لە داخستنی دوو دەزگای میدیایی روسیا، گەرچی ئەو وولاتانە بۆ خۆیان خاوەنی هەزاران دەزگای میدیایین و هەمووشیان و خستووەتە خزمەتی ئەم جەنگەوە، دەرخەری درۆ و دەلەلسەکانیان، لە رێزگرتن لە ئازادی دەربرینی بیروڕای جیاواز.
چاو چنۆکی سەرمایەداران، شەرخوازی سەرۆکەکانی روسیا لەلایەك، ئەمریکا و وولاتانی ناتۆ لەلایەکی ترەوە، ملکەچی و مل شۆری سەرۆکی ئۆکرانیا بۆ ئەم وولاتانە دوا هۆکاری هەڵگیرسانی ئەو چەنگەیە تا ئەو رادەیەی کە مۆرڤایەتیان هیناوەتە سەر لێواری جەنگی جیهانی سێهەم و جەنگی ئەتۆمی.

بە پێچەوانەی جەنگەکانی سەدەی رابردوو کە مۆرکێکی ئایدولۆجی لەخۆدەگرت، ئەم مۆرکە ئایدۆلۆجییە بە هیچ شێوەیەك لەم جەنگەدا بەدی ناکرێت، تەنانەت تاکۆ سێهەم رۆژی جەنگەکە وەزیری دەرەوەی روسیا وولاتانی ناتویی بە "شەریکە"کانمان ناوزەدا دەکرد.

ئەم جەنگە جەنگێکی سەرمایەدارانە دژ بە یەك کە بەرپارکردنی جەنگ خسڵەتێکی نەگۆری سیستێمی سەرمایەداریە.
ئەوەی مایەی سەرنج ڕاکێشانە لەم جەنگەدا ئەوەیە کە وولاتانی ناتۆ بەدیهێنانی ئارمانجی جیاوازیشیان لەم جەنگەدا هەیە، گەرچی هەموو پێکەوە هەنگاوەکانیان یەك دەخەن و گەرچی هەموویان مەبەستیان لاوازکردنی روسیایە و لە هەمانکاتدا هەموویان مەبەستیانە پێشبرکێکی نۆی دەستپێبکەن لە خۆ پرچەك کردن، بەدەر لەو ئارمانجە هاوبەشانە:

- ئارمانجی وویلایەتی یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم جەنگە چەسپاندنی سەرکردایەتی و رابەرایەتی خۆیەتی بەسەر وولاتانی ناتۆ دا دەبینێتەوە و ڕێگریکردن لە قوولبونەوەی پەیوەندیەکانی نێوان وولاتانی ئەوروپا و بەتایبەتی ئەڵمانیا و روسیا و ڕێگریکردن لە تەواوبوون و یان راگرتنی پروژەی نۆرستریم 2 کە پروژەی هاوردە کردنی گاز و نەوتە لە روسیایەوە راستەوخۆ بۆ ئەڵمانیا ونیشاندانی روسیا وەك شەیتانێکی گەوەر و ووێناکردنی رۆسیا وەك وولاتێکی مەترسیدار بۆسەر ئەمەن و ئاسایشی وولاتانی ئەوروپایی ناۆ ناتۆ و ووێناکردنی خۆی وەك پارێزەری ئەو وولاتانە و هەروەها ڕێگریکردن لە دروستبوونی هێزێکی سەربازی تایبەتی ئەوروپی لە دەرەوەی ناتۆ.
- ئەڵمانیا کە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووهەم، دروشمی „Nie wieder Krieg Nie wieder Faschismus“، واتە "نا بۆ هەمیشە بۆ جەنگ و نا بۆ هەمیشە بۆ فاشیزم"، هەنگاۆ بە هەنگاو وەلاوە دەنێت، و یان بەلایەنی کەمەوە بەشی یەکەمی ئەم درووشمە. لە ساتەوەختی جەنگی دووهەمی کەنداۆ، گەرچی ئەڵمانیا بەراستەوخۆ بەشداری ئەو جەنگەی نەکرد بەڵام 20ملیار مارك تەرخان کرد بۆ لایەنە شەرکەرەکان و لەهەمان کاتدا کەشتی جەنگی نارد بۆ دەریایی ناۆراست بۆ گرتنەوەی جێگای کەشتییە جەنگیەکانی ئەمریکا، کە روویان لە دورگەی کەنداو کردبوو، لە دوای چەنگی ئەفغانستان سوپایی خۆیان نارد بۆ ئەوێ لەسەرەتادا بە بەناوی ئەنجامدانی کاریی مرۆیی و دواتر بەناوی

مەشقكردن بە سوپای ئەفغانستان، تاكو دواتر راستەوخۆ بەشداری جەنگیان كرد دژ بە سربیا. شولتز لەم جەنگەدا بەدەر لە پڕچەك كردنی سوپاكەی كە بەنیازە 100ملیار یوروی بۆ تەرخان بكات، بەهەل زانی تاكو ئەم جەنگە بەكاربهێنێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی رەسمێك كە لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەو پەیڕەو كراوە; كە ئەویش بریتی بوو لەوەی ئەڵمانیا چەك نانێرێت بۆ ئەو ناوچانەی جەنگی تێیدایە و یان قەیرانی تێیدایە (گەرچی ئەمەش زۆرجار پێشێكراوە) و دەستی كرد بە هەناردەكرنی چەك بۆ ئۆكرانیا. بەمەش دەستی والآبوو بۆ ئەوەی لە دواروژیشدا چەك هەناردە بكات بۆ ناوچەی تر كە كێشەی لەسەرە و یان جەنگی تێدایە.

- جونسنی بەریتانیا دوای دەرچوونی لە یەكێتی ئەوروپا دا، خۆی وەك بەگۆرترین شەرخوازەكان نیشاندەدات بەمەش مەبەستێتی خۆی و وەك سەرۆكێكی بەهیز نیشان بدات و هەوڵدەدات لەڕێ ئەو توندگیریەوە بواری نزیكبوونەوە لە وولاتانی یەكێتی ئەوروپا بكاتەوە و بەتایبەتی لەمیانە فرۆشتنی چەك بە هەندێكیان بەكاربهێنێت.

لەوانەش سەرنجڕاكێش تر دەركەوتنی كۆمەڵێك لە ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكانە وەك كاریكاتر و یان وەك داشی شەترنج بەر دەستی ئەمریكا و دەوڵەتەكانی ناتۆ وە، دادگای باڵای مافی مروڤ لە لاهای، سەندوقی و بانكی نێودەوڵەتی جیهانی و ڕێكخراوی وزەی ئەتۆمی نێونەتەوەیی.

- دادگای باڵای ئەوروپی مافی مروڤ، كە چاوپۆشی كردووە و دەیكات لەهەموو پێشێلكاریەكانی هەریەك لە سوپای ئەمریكا و بەریتانیا لە مافی مروڤ، تاوانەكانی جەنگ، تاوانەكانی دژ بە مروڤایەتی كە ئەو دەوڵەتانە لە عیراق و ئەفغانستان ئەنجامیان داوە، و هەروەها چاوپۆشی كردووە لە هەمان ئەو تاوانانەی وولاتانی ناتۆ و ئەمریكا كە لە لیبیا و لە سربیا ئەنجامیاندا، بەڵام هەر زوو واتە هە ئەمرۆ و دوای 8 روژ لە بەرپابوونی جەنگی نێوان روسیا و ئۆكرانیا دەستی بە لێكۆڵینەوە كرد لەسەر ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانانە. ئەم كارەی ئەو دادگایە مایەی

**دەستخۆشی کردن و خۆشحالی و پێشوازیکردن دەبوو گەر مەرامی سیاسی لە پشتەوە نەبوایە و گەر بە یەکچاۆ تەماشای هەموو پێشێکردنێکی بکردایە و چاوپۆشی لەو تاوانانەی تر نەکردایە کە وولاتە زلهێزەکانی تر ئەنجامی دەدەن و هەروەها لێکولینەوەشی لەو تاوانانە بکردایە کە لایەنی بەرامبەر کە ئۆکرانیا یە لە ساڵی** 2014 **ئەنجامیان دەدەات لە لوگانسك و دۆنیسك، کە بەشێك لەو تاوانانە رەنگی پاکتاوی نەژادی لە خۆ دەگرێت (ئەمرو سەروکی ئۆکرانیا، دەستگرتن بەسەر موڵکی ماڵی رووسەکان، بەوانەشەوە کە هەر خەڵکی ئۆکرانیان بەیاسایی کرد).**

- **سەندوقی نەختینە و بانکی نێودەوڵەتی زۆر بە پەلە دەستیان گرت بەسەر پارەکانی رووسیا و سزایان بەسەر بیلارووس سەپاند، و دەستیان گرت بەسەر سەروەت و سامانی خەلکی نزیك لە پوتینەوە و بەناوی گەندڵییەوە بەڵام هەمان ئەم لایانانە و بەبەر چاویانەوە دەبینن کە ساڵهای ساڵ بەرپرسە گەندەڵەکانی عیراق و هەروەها کوردستان و زۆر وولاتانی تر بە دەیان ملیار دولار بەو بانکانە دا کۆدەکەنەوە و یان لە رێگای ئەو بانکانەوە سپیدەکەنەوە بەبێ ئەوەی هەر باسی بکەن، نەخوازی دەستی بەسەردا بگرن.**
- **لەهەموو ئەم رێکخراوانە، رێکخراوی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی خۆی زیاتر ریسواکرد، ساتێك سەرۆکی ئەو رێکخراوە لە** 2022/3/4 **روونی کردەوە کە بی چەك و چون تاوانی توپباران کردنی وویستگەی ئەتۆمی زاپوریشی خستە پاڵ روسیاوە.**

**ئەمە لەکاتێکدایە کە باڵوێزی روسی لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرایکرد کە ئەوان لە** 2022/2/28 **دا دەستیان بەسەر ئەو ەوێستگەیدا گرتووە و هەر بەنزیکبوونەوەیان لەو وویستگەیە،رێکخروای وزەی ئەتومی نێو دەوڵەتیان لەوە ئاگادارکردووەتەوە. بە واتایەکی تر ئەم رێکخراوە و سەرۆکەکشی ئاگادرای ئەوە بوون کە ئەو وویستگەیە لە** 2/28 **و وە بەدەست روسیاوە بوو.**

پیویست بەوەش ناکات کە بڵیین کە ئەو ناچێتە ئەقڵی کەسەوە کە روسیا پەلاماری وویستگەیەکی ئەتۆمی بدات، کە دەستی بەسەردا گرتبێت، و یەکەم قۆربانیەکانی ئەو کارەش سەربازەکانی خۆی بێت.

دەوترێت "یەکەم قوربانی هەموو جەنگێك، راستییەکان!!"
دووهەم قوربانی، خەڵکی سڤیل و بێتاوانی گەلانن بە مندال و پیرەوە، بە کچ و کوری جوان و بە ژن وپیاو ئەو گەلانەن.. باجی ئەم جەنگەش گەلانی ئۆکرانیا و روسیا دەیدەن.
سوودمەندیش سەرمایەدارە چاۆ چنۆکەکانن، سیاسەتمەدارەکانن، چەك دروستکەر، و چەك فرۆشانن، سەرکردە ورابەر شەرانگێزەکانن.

پێموایە باشترین رێگا بۆ چارسەرکردنی ئەم جۆرە جەنگانە، وەرگێرانی لولەی چەکو تفەنگەکانە بەرووی ئەوانەو، بە رووی سەرمایەدارانی نەتەوەکەی خۆیانەوە و بەرزکردنەوەی ئالای سپی بەرامبەر بە سەربازەکانی نەتەوەکانی بەرامبەر.